Kurdistannet کوردستان نێت

به ناوی خودا

ئـەم لێکۆڵـینـەوەیە کـە زۆرتــر لــە ڕوانگـەی دارِشــتخوازییەوە "structuralism" دەڕوانێـتـە دەق، بیانوویەك بوو بۆ باس لە فۆڕم و فەزایەکی تازە لە چیرۆکی کوردیدا و دەسنیشــان کــردنی ئـــەم تایبەتمەنـدیـیانەی کـە چـیرۆکی مۆدێـرن هەیـەتی. واتــە مەبەسـت لـەم توێژیـنـەوەیە ئاماژە بـە جوغرافیایەکی نوێیە لە چیـرۆکی کوردیدا کە دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە ئاستی چیرۆکی جیهانی.

مەهاباد ـ ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# "ئەو کە ون بوو"

## *دابڕانێك لە چیرۆکی ئێستای کوردی*

**پێشەکی[١]:**

لە دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا، ئەو نووسەرانەی بە شێوەیەکی نەگۆڕ سەیری دەقە ئەدەبییەکان دەکەن و وەك حەقیقەتێکی چەسپاو دەیسەلمێنن، ناکرێ شوێنێکی تایبەتییان بۆ ڕەچاو بکەی. چون ئەوانە لە بازنەی بەرتەسکی خۆ دووپاتە کردنەوەدا خول دەخۆن و مۆرکی ئەندیشەیەکی دوگم بە نێوچاوانیانەوە دیارە. ئەو تاقمە لە دەنگێکی تایبەتی دەگەڕێن و باوەڕیان بە فرەدەنگی نیە و لادان لە شێوازی وەچەی پێش خۆیان پێ کفرە. ئەوانە حەول دەدەن خۆ بە ڕێبازێکی دیاریکراو و گشتی ببەستنەوە و بۆچوونێکی تاك ڕەهەندییان هەیە و ناتوانن لەو قالبە خۆ ڕزگار بکەن. سەهۆڵبەندانی دوگمی ئەندیشە و بیر و ڕایان بە تینی خۆری بۆچوونی یاغی ناتوێتەوە و تەنانەت خۆ دەدەنە بەر سێبەری ساردی نەگۆڕ بوون و قەتیس مان. ئەم تاقمە، تاقمی سەلەفی ئەدەبی کوردەوارین.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە گرۆیەکی تر هەر بە ناوی لە گەڕیان بوونێکی دایمیدا و ژێستێکی ڕووناکبیرانە و نوێخوازانە، بەرهەمی ئاڵۆز و هەوسارپساو دەرخواردی خوێنەر دەدەن بەبێ ئەوەی بەستێنی ئەم بزاڤە بناسن و کوێرەڕێیەکی پەیوەندی بۆ خۆیان و خوێنەر ساز دەن. هەر بۆیە دیاری کردنی پێوەرێکی ئەوتۆ بۆ هەڵاواردنی ناڕەسەنایەتی ئەم بەرهەمانە لە دەقی ڕەسەن کارێکی دژوار نیە. ئەم تاقمە، تاقمی بە ناو نوێخوازی پاوانخوازی بێمەبەستی ئەدەبی کوردەوارین.

لە نێوان دمەقرەی ئەم دوو تاقمەدا، تاقمێکی داهێنەر بە ناسینی جیهان و ناوچەی ژیان، لەگەڵ ئەوەدا کە خۆ لە ساکارنووسی دەپارێزن پەیوەندییەکی پتەو لەتەك خوێنەر پێكدێنن و خوێنەر لە دەقی ئافراوی ئەواندا چەشنی مەلەوانێ نغرۆ دەبێ و بۆ ڕزگاری پەل بۆ هەموو شتێك داوێ تا بگاتە ڕۆخی دەریا، بە تەعبیری هاشم سەڕاج "ئێزنی نۆشینی دوایین دلۆپەکانی شیلەی نیهیلیزمی مانا بە خوێنەر دەدەن."[٢] جا هەر خوێنەرێك بە جۆرێ نەجاتی دەبێ و ڕەوگەی پەڕینەوەی لەگەڵ ئەوی ترا جیاوازی هەیە و لەو خوڕێنە بە تەوژمە دەپەڕێتەوە (فرەمانایی دەق). بێگومان ئەگەر ئەو خوێنەرەی پێشتر بە شوێنێکی تایبەتیدا بە کەرەسەیەکی تایبەتی پەڕیبێتەوە شوێنێکی دیاریکراو لە ڕۆخەکە، سەرلەنوێ بکەوێتە گێژاوی دەریا (دەق)، بە جێگەیەکی دیکەدا و ئامرازێکی دیکە، دەگاتە بەشێکی دیکە لە ڕۆخەکە. کەوا بوو نووسەر ئەو دەقەی وەدیدێنێ دەبێ چەشنی دەریایەکی کفچەڕێن و بە تەوژم بێ نەك ڕووبارێکی وەستاو و گنخاو.

کاتێ کە هەمبەری دەقێ دەوەستی، هەست بەوە دەکەی لە دەروونی ئاڵۆز و شڵەژاوی خۆتەوە سەری هەڵداوە. خۆت لە جێی کەسێتییەکان دادەنێی و هەست بە ئازارەکانیان دەکەی، لە غەمیاندا هاوبەشی و قوڵپەی گریانێکی بێکۆتایی ئەوکت دەگرێ. فەزای دەقەکە دەبێتە ئاقاری ژیانت، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ.

کێلەکەی ئەفسانەی جەمالی لەتوکوت کراوە و دراوسێکانی کۆ دەبنەوە و لە هۆکاری ئەو ڕووداوە دەکۆڵنەوە. ئاکامی گشتی ئەم ڕاوێژە دیتنەوەی "ئەو"ە. ئەوێکی قەت نادیترێتەوە و خوێنەر هەتا هەتایە دەبێ عەودالی شوێنی بێ و لە بازنەی هێرمێنۆتیکی ئەم گەشتەدا بخولێتەوە. ئەمە ماکی سەرەکی کورتی چیرۆکی"عەتا نەهایی"یە لەژێر سەردێڕی"ئەو کە ون بوو"[3]. هەڵبەت کە دەڵێم ماکی سەرەکی، بەوە تاوانبار نەکرێم کە ئەوەی من دەیڵێم گێڕانەوەیەکی مەزنە، بەڵکوو ئەمە بۆچوونێکی تاکەکەسییە و تەنیا چەشنێك خوێندنەوەیە.

## ناو:

ناوی چیرۆکەکە سەرنجڕاکێشە و هەر لە سەرەتاوە چەند پرسیار ختووکەی مێشکی خوێنەر دەدن. پێداگری لە سەر ئەو، ئەو ئەوە کێیە؟ چ کەسە؟ پێداگری لە سەر مانای ڕستەکە چەند پرسیار ئاراستەی خوێنەر دەکا. یەکەم ئەو بۆ ون بوو؟ دووهەم کەی ون بوو؟ سێهەم ئەو چۆن ون بوو؟ چوارەم ئەو کە ون بوو چ قەوما؟ چ ڕووی دا؟ پرسیارێکی شاراوەش ئەوەیە کە ئەوانەی لە ون بوونی ئەودا دەوریان هەبووە چ کەسن؟ زنجیرەی ئەم پرسیارانە لێکدالێکدا لە زەینی خوێنەردا ئاڵقە دەبەستن.

نووسەر بە دیاری نەکردنی ناوێکی تایبەتی ـ بەپێچەوانەی بەرەی یەکەمی چیرۆکنووسانی کوردستانی ئێران کە ناوی کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەیان لەبری ناوی چیرۆك هەڵدەبژارد[4] ـ زەینی خوێنەر بۆ دەرەوەی دەق نابا. گائۆ شینگ جیان دەڵێ:"من لە چیرۆکەکانمدا لەباتی کارەکتێر کەلك لە جێناو (زەمیر) وەردەگرم."[5] وێنەی زەق و بەرچاوی ئەم شێوە نووسینە لە ڕۆمانی کوێری ژۆزێ ساراماگۆدا دەبیندرێ. ڕۆمانێك کە کەسێتییەکانی هیچ چەشنە ناوێکی تایبەتییان نیە و بە هێما و ڕەمز ناودێر کراون.[6]

زۆر جار بە بیستنی ناوی کارەکتێرەکانی چیرۆکێك، ڕەمزی سەرلەبەری ژیان و کردەوەی کارەکتێرەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەرەی پۆزێتیف ناوی جوان و ڕازاوەی هەیە و بەرەی نگەتیف ناوی دزێو و ناحەز."واتە ناوی پاڵەوان بە تەنیا دەبێتە کۆی وزەی تێگەیشتن لە دەق، نەك ئاسۆی دەق ببێتە وزەی پێناسە کردن و ناساندنی پاڵەوان."[7]

بەڵام چیرۆکنووس لە" ئەو کە ون بوو"دا، ئەو ئیزنە بە خوێنەر دەدا تا بکەوێتە شوێن پێی ئەو و داوەری دەخاتە ئەستۆی خوێنەر. ئەو ناوێکی دیاریکراو نیە تا بە هەڵوێستێکی دیاریکراو، بە زووترین کات لە لایەن خوێنەرەوە پێناسە بکرێ. تەنانەت بە بۆچوونێ ئەو نە تەنیا قارەمان نیە بەڵکوو دژقارەمانێکی تەواوە.

## کارەکتێرەکان:

لە کورتە چیرۆکدا بە دەگمەن کەسێتییەکان لە دوو سێ کەس دەترازێ، چون مەودای کەمی ئەم ژانرە ئەو دەرفەتە بە نووسەر نادا تا کارەکتێرەکان بە تەواوی بە خوێنەر بناسێنێ و ناتوانێ وەك خەڕڕاتێکی لێهاتوو دارەکان ڕێك و لووس بکا. بەڵام لەو چیرۆکەی عەتا نەهاییدا ئەم کەسێتییانەی دەور دەگێڕن پتر لە سی کەسن، کەچی دارشتی فۆڕم و ناوەرۆکی چیرۆکەکە سەرەڕای زۆر بوونی کەسایەتییەکان خەسارێك نابینێ و هەر کام چەشنی خانەی خشتەیەك لە شوێنی خۆیان جێ دەگرن و هەست بە زۆر بوونی کارەکتێرەکان ناکرێ. چون پێ بە پێی چیرۆکەکە دەورگێڕەکان دێنە گۆڕێ و ڕەوتی داستانەکە بە هۆی ئەوان دەچێتە پێش و کامڵ دەبێ.

دەکرێ ئەم کەسایەتییانە بە دوو گرۆ دابەش کرێن. ئەوانەی لە ڕەوتی بزاڤی چیرۆکەکەدا ڕاستەوخۆ بەشدارییان هەیە؛ وەك: گێڕەوە، چیرۆکنووس، ئەو، یەکێك، مامۆستای فەلسەفە، ئەفسەرەکە، لاوە کووڕەکە، پیرێژنەکە، کچە مێرمنداڵەکە، ژنە ڕەشتاڵەکە، پیرەپیاوە پەك‌کەوتە کەم‌دوێنەکە، ژنێکی ناوێن‌ساڵی بە ویقار، حاجی و ئەفسانە. هەروەها ئەوانەی لە ڕەوگەی چیرۆکەکەدا دەکەونە پەراوێز، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەرارە ببنە سەرەداوی دۆزینەوەی

گرێی کوێری چیرۆکەکە: ئەو پیاوانەی کێلەکەیان شکاندووە (چەند پیاوێکی ڕەشپۆشی فێدار)، بکووژی ئەو، سوارە، ڕەعنا، قەیرە کچەکان و...

کاتێ بە سرنجەوە لە گرۆی هەوەڵ واتە ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا بەشدارن، ورد دەبینەوە خاڵێکی گرینگ دێتە بەر چاومان؛ ئەو کەسایەتییانەی لە سەر ئەفسانە دەدوێن هەموویان ژنن و ئەوانەی لە سەر ئەو دەدوێن پیاون. چیرۆکنووس ئاگا یان نابەئاگا نەیویستووە لە ڕوانگەی پیاوێکەوە بڕوانێتە ئەفسانە و هەستی پیاوانە شوێن بخاتە سەر وێنەی ئەفسانە و بە پێچەوانەشەوە. بۆ وێنە کابرای ئەفسەر بە ڕووحییاتێکی نیزامییانە و دیسیپلینێکی ویشکەوە لە سەر ئەو دەدوێ. عەتا زیرەکانە ناهێڵێ ڕۆمانتیسمی ڕەشی دەقەکە بە سەر کەشوهەواى چیرۆکەکەدا زاڵ بێ و ئەم کارەش بە هۆی ئەفسەرەکە ئەنجام دەدا، کە لە ڕوانگەی ڕێئالیسمێکی سوننەتی ڕقاوییەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکە واتە تەعدیل کردنەوەی ڕۆمانتیسمی ڕەشی دەقەکە بە هۆی ڕوانگەی ڕێئالیستی سوننەتی ڕقاوی ئەفسەرەکەوە.







## داڕشتشکێنی:

جۆیس لە سەرەتای چیرۆکی عەرەبی لە کۆمەڵە چیرۆکی دوبلینیهادا ئاوا دەڵێ:"شەقامی ڕیچمۆندی باکووری بە هۆی کوێری، جگە لەو ساعەتەی کە منالانی قوتابخانەی برایانی مەسیحی ئیزنی چوونەوەیان دەدرایە، شەقامێکی چۆڵوهۆڵ بوو."[٨] مەبەستی جۆیس لە دەکار کردنی وشەی کوێر بۆ شەقام لەبری بۆنبەست، قەرینە بە دەستەوەدانێکە بۆوەی کە خوێنەر بزانێ کەسایەتی چیرۆك وەك ئەو شەقامەی کە تێیدا دەژی کوێر و نابینایە. دەکار کردنی شەقامی کوێر لە سەرەتادا ڕەنگە حاڵەتێکی تەجریدی و ئینتزاعی هەبێ، بەڵام بەرەبەرە ئەم حاڵەتە زیاتر جێ دەکەوێ.

ئەگەر وەك هێندێك لە ڕەخنەگران کە پێیان وایە جۆیس داڕشتی زمان دەڕووخێنێ، هەر وەك لە سەرەتای چیرۆکی عەرەبیدا، ئەوا عەتا نەهایی لە یەك دوو شوێنی ئەم چیرۆکەدا داڕشتشکێنێکی تەواوە. عەتا لە چیرۆکەکەیدا پشت بە وێنەی شێعری دەبەستێ بەڵام مەبەستی شێعر وتن نیە، مەبەستی ڕازاندنەوەی دەقەکەی نیە. بەڵکوو بەم زمانە دەیەوێ مەبەستی سەرەکی لە تەمومژێکدا بدرکێنێ:

" دەڵێ گوایە ئاگری تۆڵەی لە چاوە تەڕەکانیدا دیوە"

ئەگەر ئەو، ئاگری تۆڵەی لە چاوەکانیدا ــ نەك چاوە تەڕەکانی ــ دەبیندرێ، ئەوا وەك قارەمانێکی کلیشەیی هەڵوێستێکی دلێرانەی بۆ تۆڵە سەندنەوە گرتووە. بەڵام ئاگری تۆڵە لە چاوە تەڕەکانیدا دیتراوە؛ ئالێرەدا گومان و دڕدۆنگییەك بۆ خوێنەر پەیدا دەبێ. ئەم قارەمانە زۆریش بە ورە و بە هێز نیە و کەسایەتییەکی ئاساییە. عەتا بە

دەکار کردنی پارادوکسێك لە یەك ڕستەدا واتە ئاگر و ئاو (تەڕایی) هەڵوێستی پێشتر دیاریکراوی خوێنەر هەڵدەوشێنێ و قارەمانی چیرۆك تا ئاستی کەسایەتییەکی ناسیاوی هەستپێکراوی کۆمەڵگای کوردەواری دێنێتە خوارێ. ئەمە دەسەڵاتی تێکنیکی چیرۆکنووس نیشان دەدا. هەر چەند ئەم کارەی عەتا وەك جۆیس داڕشت تێكناڕووخێنێ، بەڵام ڕستەکەی عەتا حاڵەتی تەجریدی و ئینتزاعیەکەی لە ڕستەکەی جۆیس کەمترە، بە ڕای من ئەمەش بە لای خوێنەرەوە پەسندتر بێ.

## دەسپێکی دراماتیك و کۆتایی فریودەرانە:

دەسپێکی چیرۆکێك ڕەنگە لە سەرەتادا دژوارترین و لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجڕاکێشترین بەشی چیرۆکێك بێ. عەتا هەر لە سەرەتاوە خوێنەر هان دەدا بە تامەرزۆییەوە بزانێ ئەوانەی کێلەکەی ئەفسانەی جەمالییان شکاندووە کێن و چ کەسن؟ هەروەها ئەو چی بە سەر هات؟ ئەوە گرێی داستانەکەیە کە تا کۆتایی چیرۆکەکەش ناکرێتەوە. تەنانەت نووسەر، لە بازنەی دەور و تەسەلسولێکی باتڵدا خوێنەری دەخولێنێتەوە، ئەوە نیە لە دوایین بەشی چیرۆك دا مامۆستای فەلسەفە لەو هەموو قسە بێئەنجامە وەڕەز و ماندوویە و دەڵێ:" گریمان ئەفسانەش لە گۆڕەکەی هاتە دەر. گریمان گوتیشی ئەو نیازی بووە بچێتە کوێ، یان چی بکا. زانین و نەزانینی بۆ ئێمە چ جیاوازییەکی هەیە؟"

من لام وایە مانەوەی ئەم گرێپووچکەیە یانی بەشداری خوێنەر وەك دوایین کارەکتێر. ئێمە لە چیرۆکەکانی ئۆ هێنریدا دەبینین لە دوایین بەشی چیرۆکەکانیا گرێ و ڕەمزی داستان دەکرێتەوە ئەویش بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بە وتەی سامرست موام فریودەرانە. ئەم چیرۆکانە ڕەنگە چێژێکی تایبەتییان بۆ خوێنەری ئاسایی هەبێ، بەڵام کوڵوکەفی خوێنەری باڵا دانامرکێنن. هەر بۆیە عەتا کردنەوەی ڕەمزی چیرۆك دێڵێتەوە بۆ ئەم تاقمە.

بۆ وێنە بەختیار عەلی لە ڕۆمان مەرگی تاقانەی دووەمدا هەر لە هەوەڵ لاپەڕەوە باس لە سەرەکیترین مەبەستی ڕۆمان واتە کوژرانی ئەشرەف دەکا[9] و خوێنەر پێ بە پێی نووسەر دەکەوێتە شوێنی کارەکتێرەکانی ڕۆمان. بە پێچەوانەی شێوە نووسینەکانی ئۆ هێنری هەر لە سەرەتاوە کرۆکی ڕۆمان دەکەوێتە بەر ڕامان. بە بڕوای من ئەو کارە نابێ چەشنی تێکنیکێك سەیر بکرێ، بەڵکوو ئەمە پێداویستی چیرۆك و ڕۆمانی سەردەمە، کە عەتاش لە "ئەو کە ون بوو"دا ئەم کارەی کردووە.

## نقورچکی ڕۆمانتیك:

یان ڕید لە کتێبی کورتە چیرۆكدا باسی نقورچکی ڕۆمانتیك (تەکانەی ڕۆمانتیك) دەکا و دەڵێ: "بە وتەی ئۆکانێر کورتە چیرۆك لە سەر یەك یان دوو کەس چەق دەبەستێ، ئەو کارەکتێرانەش بە جۆرێ لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیان جیاوازییان هەیە و لەگەڵ نۆڕم و یاساکانی ئاسایی کۆمەڵگا هەڵناکەن."[10] بەڵام ئەم نقورچکە ڕۆمانتیکەی لە خوێنەری کورتیلە چیرۆك دەدرێ ــ بە هۆی ئەو یەك دوو کەسەی ئۆکانێر باسی لێدەکا ـ لە کورتە چیرۆکی عەتا نەهاییدا ژانەکەی پترە. چون لە"ئەو کە ون بوو"دا تەنیا یەك یان دوو کەسایەتی سەرەکی نین کە لەگەڵ کۆمەڵ هەڵناکەن و کۆمەڵگا لە خۆی دوور خستوونەتەوە، بەڵکوو زیاتر لە سی کەسن کە زۆربەیان خۆیان کوشتووە؛ لێرەدایە کە جیاوازی ئەم کەسایەتییانە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی تر ئاشکراتر دەبێ. واتە ئەو تەزادەی ئۆکانێر باسی لێدەکا لێرەدا زەقتر دەبێتەوە. نقورچکی ڕۆمانتیکی عەتا ڕۆمانتیکێکی ڕەشە ئاوێتەی هاودەردی لەگەڵ کارەکتێرەکانی.

## دابەشینی ڕاوییەکان لە ڕەوتی گێڕانەوەدا:



*A: سەرەتا (لە لایەن گێڕەوەوە گرێی چیرۆکەکە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر)*

*B: گێڕانەوەی کارەساتی ئەو شەوە ترسناکە (flashback)*

*C: یەکێك دەیگوت*

*D: دەیانگوت*

*E: مامۆستای فەلسەفە*

*F: ئەفسەرەکە*

*G: کەسانێك*

*★ : هاتنە گۆڕێی سەرلەنوێی گرێپووچکەی چیرۆك*

*H: لاوێکی کوور*

*I: پیرێژنی دراوسێی ئەفسانە*

*J: کچە مێرمناڵەکە*

*K: ژنە ڕەشتاڵەکە*

*B`: درێژەی گێڕانەوەی کارەساتی ئەو شەوە ترسناکە (flashback)*

*L: پیرەپیاوێکی پەککەوتەی کەمدوێن*

*M: ژنێکی ناوێنساڵی بە ویقار*

*N:حاجی*

*A`: کۆتایی (گرێپووچکەی چیرۆك ناکرێتەوە)*

*A`Z: خوێنەر دەبێتە دوایین کارەکتێری چیرۆك (گەشتی هێرمێنۆتیکی)*

چیرۆکنووس لە ڕەوتی نووسینی چیرۆکەکەیدا هەرگیز بە شێوەی هێڵێکی ڕاست ڕووداوەکان ناهێنێتە گۆڕێ، بەڵکوو بە هۆی دەورگێڕەکانی چیرۆکەکەی مەبەستی خۆی بەرەو پێش دەبا، هەر چەند لە سەرەتادا لە زمان هەوەڵ کەسی تاکەوە دەگێڕدرێتەوە بەڵام بەرەبەرە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی کارەکتێرەکان.
داستانگەلی کلاسیك ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان لە دوو شێمادا نیشان دەدرێ، شێمای ساکار و شێمای بە پێچوپەنا:







مەبەست لە شێمای ساکار، بوونی ڕووداوێکی سەرەکی و چەند ڕووداوی لاوەکییە، کە ئەم ڕووداوانە موازین. بەڵام لە شێمای بە پێچوپەنادا، سەرەڕای ڕووداوەکانی سەرەکی و لاوەکی فلاشبەکیش لە خزمەت ڕووداوەکاندایە. هەروەها ڕووداوەکانی لاوەکی موازی ڕووداوی سەرەکی نین بەڵکوو بە سەر ڕووداوە سەرەکییەکەدا عەموودن.
بۆ وێنە وردەسەرنجێك دەدەینە چیرۆکی ملوانکەی گی دۆ مۆپاسان:
ماتیلد ژنی مووچەخۆرێکی هەژاری وەزارەتی بار هێنان و پەروەردە کردنە. وەزیر، ئەوان بۆ شەونشینی بانگێشتن دەکا. ماتیلد چون زێڕ و جەواهیری نیە لە دۆستێکی ملوانکەیەکی ئەڵماس بە ئەمانەت وەردەگرێ. ماتیلد ملوانکەکە ون دەکا. ژن و مێرد ناچار دەبن بە قەرزوقۆڵە ملوانەکەیەکی دیکە بۆ دۆستەکەی ماتیلد بکڕن. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە ماوەی دە ساڵان لەوپەڕی هەژاری و نەداری ژیان بەرنە سەر. پاش دانەوەی قەرزەکانیان، ڕۆژێ ماتیلد تووشی

بە تووشی دۆستە دەوڵەمەندەکەی دێ و ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. بەڵام دۆستەکەی دەڵێ: ملوانکەکە ئەسڵ نەبووە و بەدەڵ بووە!!

ڕەوتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە دەسنیشان بکرێ:




***A: ماتیلد و مێردەکەی هەژارن***

***B: ماتیلد و مێردەکەی بانگێشتن دەکرێن***

***C: ملوانکەی ئەڵماس بە ئەمانەت وەردەگرن***

***D: ملوانکەکە ون دەبێ***

***E: گرێی چیرۆکەکە دەکرێتەوە***

***G: ماتیلد و مێردەکەی هەر هەژارن***

بەڵام داستانی مۆدێرن شێوە گێڕانەوەکەی تەواو هێڵی نیە و زۆر جاران فلاش‌بەك و بە دەگمەنیش فلاش‌فۆروارد دێتە گۆڕێ.

خوێنەری ئەم کورتە چیرۆکە چون لە ڕەوتی ڕیوایەتدا، گێڕانەوەیەکی پۆست‌مۆدێرنیستی دەبینێ، زەینی لە حاڵەتی هێڵی دێتە دەرێ و تووشی جەرەیانێکی ڕیوایەتی لایەلایە دەبێ. لە بەشی کۆتاییدا بەڵگەی ئەم بۆچوونەی خۆمان دێنینەوە.

## فۆڕم و فەزا

فۆڕمی چیرۆکێك لە سێ بارانەوە دەکرێ قسەی لە سەر بکرێ:

١) ڕوانگە (Point of View):

لەم بەشەدا باس لە سەر ئەوە دەکرێ کە لە ڕوانگەی کامە دەورگێڕەوە چیرۆك دەگێڕدرێتەوە؟ کەسێتییەکانی چیرۆکی "ئەو کە ون بوو" لە سێ ڕوانگانەوە بۆ خوێنەر خویا دەبن:

ئـ ـ کاتێك بە شێوەی مۆنۆلۆگێکی دەروونی وە قسە دێن، بۆ وێنە باسی ڕابردووی خۆیان دەکەن.

بـ ـ کاتێك دراوسێکانی ئەفسانە سەبارەت بە ئەو و ئەفسانە دەدوێن یان بە واتایەکی دیکە کاتێ دراوسێکانی دەس دەکەن بە نرخاندن یان ڕووخاندنی کەسایەتی ئەو و ئەفسانە.

جـ ـ کاتێك لە زمان ڕاوییەوە واتە چیرۆکنووسی ڕاستەقینەوە، نەك چیرۆکنووسەکەی نێو چیرۆك ڕووداوەکە دەگێڕدرێتەوە، دیارە ئەم ڕاوییەش تاپۆیەکە لە عەتای چیرۆکنووس. بۆیە دەڵێم تاپۆ چون، عەتا لە درێژایی ڕەوتی گێڕانەوەی داستانەکەیدا بە ئەسپایی دێتە دەر و تەنیا دەبێنە چاوەدێرێك و هیچی تر و ئەم ئەرکە دەخاتە ئەستۆی کارەکتێرەکانی. واتە زۆر بە وریایی و بە وردی لە حاڵەتی "راوی ـ قهرمان" بەرەو "راوی ـ ناظر" دەچێ.

**٢) گێڕانەوە(Narrative) :**

بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی مۆدێرن کەلك وەرگرتن لە تێکنیکی فلاش‌بەك و گرێدانی داهاتووی ڕووداوی چیرۆکەکە لەگەڵ فلاش‌بەك و هەروەها هاتنە دەر لە بازنەی ڕیوایەتی ڕێئالیستی پێویستە، کە عەتا بە باشی ئەم دوو کارەی بە ئەنجام گەیەندووە.

**٣) دارِشت (Structure):**

عەتا هەر لە سەرەتاوە بە دانانی دارِشتێکی بەراوەژوو"Reversed" ئەم پێکهاتە نوێیە دادەڕێژێ، واتە ڕووداوی سەرەکی چیرۆکەکە یانی ون بوونی ئەو دێنێتە سەرەتای چیرۆکەکەی. بەڵام لەگەڵ ئەمەش‌دا یەکگرتوویی و یەکێتی چیرۆکەکە دەپارێزێ.

خاڵێکی گرینگی تری ئەم چیرۆکە فەزا و ئاقاری چیرۆکەکەیە. ئەم فەزا نائاساییە دەمانباتە فەزای چیرۆکەکانی دینۆ بۆتزاتی نووسەری ئیتالیایی کە فەزایەکی مێتافیزیکییە، نەك سورێئالیستی و دەکرێ لە کۆمەڵگای ڕاستەقینەش‌دا عەینی ئەو فەزایەی بۆ بدۆزییەوە و پێکیان بگری بەتایبەتی لە چیرۆکی ساحیردا.[١١]

## کۆتایی:

دیاری کردنی سنوورێکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان دەقی چیرۆکێکی مۆدێرن و چیرۆکێکی پۆست‌مۆدێرن کارێکی دژوارە. چون زۆر جاران خاڵگەلێکی هاوبەشیان تێدا بەدی دەکرێ و لێك‌هەڵاواردنی چیرۆکی مۆدێرن و چیرۆکی پۆست‌مۆدێرن لە یەکدی چەتوون دەکا، هەر بۆیە چیرۆکی "ئەو کە ون بوو" لە یەکەم ڕوانین‌دا وا هەست پێدەکرێ کە لە مابەینی چیرۆکی مۆدێرن و پۆست‌مۆدێرن‌دا لانکەی دەکا.

بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێ لێرەدا لە سەری بدوێم ئەمەیە کە چیرۆکی "ئەو کە ون بوو" چیرۆکێکی مۆدێرنە، هەر چەند فەزا و ڕیوایەتی داستانەکە سێبەرێکی پۆست‌مۆدێرنی بە سەردا کشاوە بۆ وێنە:

لەم چیرۆکەدا دنیایەکی ئەفسانەیی لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە تێکەڵ کراوە و دوو جیهانی لە سەداسەد دژ بە یەك (گۆڕستان و دنیای ڕاستەقینە) ساز دەبێ و خوێنەر بە باشی نازانێ دەبێ لە کام ڕوانگەوە (دنیای ئەفسانەیی یان ڕاستەقینە) بڕوانێتە ئاکار و کردەوەی کارەکتێرەکان، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی پۆست‌مۆدێرن.

هەروەها ڕەوتی گێڕانەوە هەر چەند لە داستانی مۆدێرن‌دا بە شێوەی تەواو هێڵی نیە و بە هۆی فلاش‌بەکەکان لەم حاڵەتە دێتە دەرێ، بەڵام چیرۆکی پۆست‌مۆدێرن بە لادان لە نۆڕمی خەتی گێڕانەوە، بە شێوەی لایە و توێژ دەگێڕدرێتەوە. عەتاش لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی‌دا هەندێ جار ڕیوایەتی پۆست‌مۆدێرنیستی هەیە بۆ وێنە کاتێ لە ڕستەی موعتەرزە کەلك وەردەگرێ. هەر ئەم چەشنە گێڕانەوەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە حاڵەتی هێڵی بێتە دەر و ببێتە توێژ و لایە:




*١. باسی پیرێژنەکە دەکا.*

*٢. لەپڕ لە سەر پیرێژنەکەڕا دێتە سەر ئەو*

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لەم چیرۆکەدا تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی پۆست‌مۆدێرنی تێیدا بەدی ناکرێ. بۆ وێنە: خۆ تێوەردانی ڕاستەوخۆی نووسەر بۆ نێو چیرۆك، بە تەعبیری دێیوید لاج "عریان‌سازی" نووسەر. وەك باسی گرفتەکانی تاکەکەسی، کردنەوەی پرێسکەی دڵ، دژوارییەکانی نووسین و دژوارییەکانی گێڕانەوە بۆ خوێنەر و ... یان سازدانی نابەسامانی زەمانی، واتە لە چیرۆکی پۆست‌مۆدێرن‌دا نە تەنیا ڕابردوو لەتوپەت دەکرێ بەڵکوو بە لادان لە نۆڕمی خەتی گێڕانەوەدا و لادان لە هەست کردن بە زەمان، ئێستاش تووشی دابڕان دەبێ.[١٢]

نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی بە پشتیوانەی فەرهەنگی و سوننەتی خۆیان دایمە بە شوێن چەشنێك " کەماڵگەرایی"ن. عەتاش وەك چیرۆکنووسێکی ڕۆژهەڵاتی عەودالّی کەمالاتێکە کە لە ئەفسانەی جەمالّیدا شك دەبا. هەر چەند لە هەستی نابەئاگای خۆیشیدا ئەو کەمالاتەی پێ ئەفسانەیە. بۆیە جەمالی ئەو ونبووەی لێ بۆتە ئەفسانە و ئەفسانەی ئەم ونبووەی لێ بۆتە جەمال و دەیەوێ لە جەمالەوە بەرەو کەمالّ بچێ، هەڵبەت بە کەرەسە و ئامرازی تەنیاییەوە.

شتێکی کە وەك کەلەبەر لەم چیرۆکەدا خۆ دەنوێنێ مامۆستای فەلسەفەیە. بە بڕوای من مامۆستای فەلسەفە زیادییە. عەتا دەیەوێ بە هۆی مامۆستا فەلسەفە کە قسەی ئاساییش دەکا تام و بۆنێکی فەلسەفی بدا بە داستانەکەی. بەلاّم چون ئەمە دەسکردە، زوو خۆ بە دەستەوە دەدا.

ئەگەر ڕۆمان و چیرۆکی مۆدێرن بە وتەی ویرجینیا ڤۆڵف یانی شکستی مرۆڤی سەردەم و وەرزی جوداییەکانی بە مانای گشتی لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا، ئەوا عەتا نەهایی بە موو لە ڕێبازی چیرۆکی مۆدێرن لای نەداوە.

## پەراوێزەکان:


١. سەبارەت بە سەلەفییەت و بە ناو نوێخوازی بڕوانە بۆ:

گۆڤاری مەهاباد، باباخانی ـ ناسر، ئاناتۆمی گەڕیانی بە ناو نوێخوازی ئەدەبی کوردی، ژمارە ٢٠، ل ١٤ـ١٧، ١٣٨١.

٢. گۆڤاری ڕامان، سەڕاج ـ هاشم، تیۆری بنیاتنانی شاراوەی دەق و ئێکسیرەکانی ئەپۆریا، ژمارە ٥٦، ل ٤، ٢٠٠١.

٣. گۆڤاری ئایندە، نەهایی ـ عەتا، ئەو کە ون بوو، ژمارە ٨و٩، ل ١٩٣ـ١٩٧، ٢٠٠٠.

٤. گۆڤاری سروە، باباخانی ـ ناسر، سووکەئاوڕێك وە سەر ڤۆناغەکانی چیرۆکی سروە، ژمارە ١٦٧، ل ١٧ـ٢٢، ١٣٧٩.

٥. گۆڤاری مەهاباد، ڕزگار ـ خۆشناو، دەقی وتاری گائۆ شینگ جیان لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٠دا، ژمارە ٢، ل ٤، ١٣٨٠.

٦. ساراماگو ـ ژوزە، کوری، ترجمە اسداله امرایی.

٧. گۆڤاری ڕامان، قادر ـ هیوا، ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە لە نێوان جەنگی عەشق و جەنگی فیکردا، ژمارە ٥١، ل ٩٨، ٢٠٠٠.

٨. جویس ـ جیمز، دوبلینی‌ها، ترجمە محمدعلی صفریان، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، ص ٣١، ١٣٧٨.

٩. عەلی ـ بەختیار، مەرگی تاقانەی دووەم، ناوەندی ڕەهەند، ل ٦، ٢٠٠١، سوئێد.

١٠. رید ـ یان، داستان کوتاه، ترجمە فرزانە طاهری، نشرمرکز، چاپ دوم، ص ٣٨، ١٣٧٩.

١١. ماهنامه آدینه، شماره ١٩، دی‌ماه، صص٤٦ ـ ٤٧، ١٣٦٦.

١٢. نامه کانون نویسندگان ایران، انتشارات آگه، چاپ یکم، صص ٣٥٠ـ٣٥١، ١٣٨٠.